# نەورۆزی ئەمساڵ

مریەم مەرزبان (کەژاڵ)

ئەم ساڵ نەورۆز دەنگی نەبوو

بۆ من بەهار رەنگی نەبوو

دوورم لە تۆ لە هێلانە

لەو وڵاتە سەوز و جوانە

دوورم لەخزم و کەس و کار

لەشار و وەتەن  و دیار

بەئارەزووی تۆوە ماوم

پڕفرمێسکە پەرەی چاوم

لە مێشکما هەر هاتوچۆیە

لە دڵما هەر یادی تۆیە

بیر ئەکەمۆ لەبەژنەکەت

لەکێوی بەرز و یاڵەکەت

لە هەڵاڵە و ئالالەکان

لە پەلکەی سەوزی دارەکان

لەم غوربەتە سارد و سڕە

ئاخۆ بەهار رەنگی چۆنە؟

هەر چەند زۆریش رازاوە بێ

جوانییەکانی شاراوەبێ

کانییەکانی ساف و روون بێ

باخی بەهەشتی بەرین بێ

بەڵام دڵم پڕ لەخەمە

هەناسەم پڕ دەرد و تەمە

بیر ئەکەمۆ لە ئەسارەت

لە بندەستی و لە زەلالەت

بیر ئەکەمۆ لە رەشەبا

دەستی گرتە بەسەر چیا

لە ئەشکەنجەی هەناسەکان

لە زامی گەورەت کوردستان

بیر ئەکەمۆ لە ئازادیت

لە سەربەرزی و لە رزگاریت

لە شادی و چۆپی و سەمات

لە شەکانەوەی ئالآت

ئەو رۆژەیە نەورۆزی من

هەرگیز لەغوربەتیٚ نەبین

لە ولآتم زیندان نەبێ

جەرگی دایکان داخدار نەبێ

گڕ بکێشێت ئاگری سوور

لە قەندیل و چیا و سنوور

ئەو رۆژە من نەورۆز ئەکەم

بندەست نەبێ ولآتەکەم

نۆروێژ: ٢٠١١/٣/٢٨